پیاوێک دەخەوێت وسپاردە لە دڵی دەردەهێنرێت ومەگەر هێندەی نەختاڵێک نەبێت وەکو سێبەری خاڵێکی تاریک، پاشان دەخەوێتەوە وسپاردە لە دڵی دەردەهێنرێت مەگەر هێندەی هێندەی تۆقلەیەک نەبێت

لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دوو فەرموودەی بۆمان گێڕایەوە، یەکێکیانم بینیووە (هاتۆتە دی) چاوەڕوانی ئەوی دیکەیانم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سپاردە (ئەمانەت)* دابەزی بۆ ناو ڕەگ وڕیشەی دڵی پیاوانەوە، پاشان قورئان دابەزی، لە قورئان فێربوون ولە سونەتیش فێربوون»، پاشان دەربارەی بەرزکردنەوەی (دەرهێنانی) سپاردە قسەی بۆمان کرد، وفەرمووی:«پیاوێک دەخەوێت وسپاردە لە دڵی دەردەهێنرێت ومەگەر هێندەی نەختاڵێک (هێندەی سێبەری خاڵێکی ڕەش) نەبێت، پاشان دەخەوێتەوە وسپاردە لە دڵی دەردەهێنرێت مەگەر هێندەی تۆقلەیەک نەبێت، وەکو پشکۆیەک کە دەکەوێتە سەر قاچت تۆقلەی لێدەردەچێت، دەبینی بەرز بووەتەوە وهیچیشی تێدا نییە»، پاشان بەردێکی بچووکی گرت وغلی کرد (گلاری کرد) بەسەر قاچیدا، پاشان فەرمووی: «خەڵکی وایلێدێت خەریکە کەس نەبێت پەیمان بباتە سەر هەتا وایلێدێت دەڵێن: فلّان تیرە پیاوێکی ئەمانەت پارێزی تێدایە، تەنانەت وایلێدێت بە پیاوێك دەڵێن: ئای چەندە ئازایە! ئای چەندە لێزانە! ئای چەندە ژیرە! کەچی بە ئەندازەی دەنکە گەردیلەیەک ئیمان لە دڵیدا نیە»، حوزەیفە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ڕۆژگارێك بەسەرمدا تێپەڕی گوێم نەدەدا بەوەی کە ڕێککەوتن (بەیعەت) لەگەڵ کێ دەکەم (بە کێ دەدەم)، چونکە ئەگەر موسڵمان بوایە ئایینەکەی ڕێککەوتنەی (بەیعەتەکەی) دەپاراست، ئەگەر گاوڕ یا جولەکەش بووایە سەرپەرشتیارەکەی نەیدەهێشت ڕێککەوتنەکە (بەیعەتەکە) بشکێنێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕێککەوتن (بەیعەت) لەگەڵ کەس ناکەم (بە کەس نادەم) مەگەر فلّان وفلّان نەبێت». *(سپاردە -ئەمانەت-: ووتراوە لەوەیە چەند مانایەکی هەبێت لەوانەش: واتا ئیمان (باوەڕ)، یان واتا ڕاستگۆیی، یان واتا ئەو ئەرکە شەرعییانەی کە لەسەر مرۆڤە جێبەجێیان بکات -تەکلیفە شەرعییەکان-؛ وماناى ئیمان نزیکترە چونکە ئەگەر مرۆڤ ئیمان لە دڵیدا هەبوو پاش ئەوە (دەتوانێت ئەرکە شەرعییەکان جێبەجێ بکات

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە سپاردە (ئەمانەت)* بەرە بەرە لە دڵ نامێنێت، ئەگەر بەشی سەرەتا نەما ئەوا نور وڕۆشناییەکەی نامێنێت ولە جێی خۆی تاریکایی جێدەهێڵێت کە ڕەنگێکە وەکو خاڵی ڕەش -سێبەر- وایە کە جیاوازە لە ڕەنگی پێشووتر، وئەگەر بەشێکی تری نەمێنێت ئەوا وەکو تۆقلەیەکی تۆخی لێدێت کە ئەمیش شوێنەوارێکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، وئەم تاریکاییە لەسەر ئەوەی پێشووترە، وپاشان دەرچوونی ڕۆشنایی ونوری نێو دڵی لە پاش جێگیربوونی لە دڵدا بە پشکۆیەک ئاگر چواند کە لەسەر پێ دەکەوێت هەتا کاتێک کە پشکۆکە لادەچێت وشوێنەواری تۆقلەی ئاگرەکەی دەمێنێت، وبەردێکی بچووکی غل کردەوە (گلاری کردەوە) بەر سەر پێی بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکاتەوە. (خەڵکی وایلێدێت): لە پاش ئەو خەوتنە کە سپاردەی تێدا هەڵگیرا وبەرز بوویەوە. (خەریکە کەس نەبێت): واتە نزیکەی لەوەی یەکێک نەدۆزیتەوە. (پەیمان بباتە سەر): واتا هەمووی پەیمان دەشکێنێت وبە دەگمەن یەکێک دەدۆزیتەوە پەیمانەکان بباتە سەر وجێبەجێیان بکات. (هەتا وایلێدێت دەڵێن:): بە هۆی باو بوونی ئەم وتەیە وزۆری دووبارە کردنەوەیەی لە نێو خەڵکیدا. (فلّان تیرە پیاوێکی ئەمانەت پارێزی تێدایە): واتا خیانەت لە سپاردە -ئەمانەت- ناکات. (تەنانەت وایلێدێت بە پیاوێك دەڵێن: ئای چەندە ئازایە!): لەسەر ئەنجامدانی کردەوەکان. (ئای چەندە لێزانە!): لێزان وقسەزان وڕووخۆشە. (ئای چەندە ژیرە!): چەند زیرەک وتیژ وتێگەیشتووە. (کەچی بە ئەندازەی دەنکە گەردیلەیەک ئیمان لە دڵیدا نیە): وهەر باسی ئەمانەت مەکە چونکە ئەمانەت بەشێکە لە ئیمان، واتا هەموو ئەم وەسفانە هیچ ڕاستی وهەقیقەتێکی نییە بەڵکو تەنها لە ڕووکەشدا بەو شێوەیە. (حوزەیفە -ڕەزای خوای

لێبێت- دەڵێت: «ڕۆژگارێك بەسەرمدا تێپەڕی گوێم نەدەدا بەوەی کە ڕێککەوتن -بەیعەت- ڕێککەوتن لەگەل کێ دەکەم -بە کێ دەدەم-): واتا سەردەمانێک گوێی نەدەدا بەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کێ دەکات یان بەیعەت بە کێ دەدات چونکە دەیزانی کە ئەمانەت هێشتا هەڵنەگیراوە -بەرز نەبووەتەوە- لە نێوان دڵەکان وخەڵکی هێشتا پەیمانەکان جێبەجێ دەکەن، بۆیە بەیعەتی دەدا بە هەرکەسێک بە بێ ئەوەی بگەڕێت بە دوای حاڵی ئەو کەسەدا ئەمیش بەهۆی متمانەکردنی بە خەڵکی وپاراستنیان بۆ ئەمانەت. وباسی ئەوە دەکات کە: (ئەگەر موسڵمان بووایە ئاینەکەی ڕێککەوتنەکەی -بەیعەتەکەی- دەپاراست، ئەگەر گاور یا جولەکەش بووایە سەرپەرشتیارەکەی نەیدەهێشت ڕێککەوتنەکە -بەیعەتەکە- بشکێنێت)، وپاشان دەڵێت: (بەڵام ئەمڕۆ): ئەوا ئەمانەت نەماوە مەگەر شتێکی کەم نەبێت، بۆیە ووتی: (ڕێککەوتن -بەیعەت- لەگەڵ کەس ناکەم -بە کەس نادەم- مەگەر فڵان وفڵان نەبێت): واتە چەند تاکێک نەبێت کە دەیانناسێت ومتمانەی پێیان هەیە. *(سپاردە -ئەمانەت-: ووتراوە لەوەیە چەند مانایەکی هەبێت لەوانەش: واتا ئیمان (باوەڕ)، یان واتا ڕاستگۆیی، یان واتا ئەو ئەرکە شەرعییانەی کە لەسەر مرۆڤە جێبەجێیان بکات -تەکلیفە شەرعییەکان-؛ وماناى ئیمان نزیکترە چونکە ئەگەر مرۆڤ ئیمان لە دڵیدا هەبوو پاش ئەوە دەتوانێت ئەرکە شەرعییەکان جێبەجێ بکات)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3016